# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

**ژمارە (٣٠٠) ساڵی بیست و سێ ١٦ ئادار ٢٠٢٣ زاینیی ٢٥ڕەشەمێ ٢٧٢٢ کوردی ٢٤ شەعبان ١٤٤٤ کۆچی**

300


ل ١


**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی

ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ پەرلەمانی کوردستان** ٣

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٨

ئاسانکاری لەجێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرکان وکارتێکارە عەقلییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ١٧

ڕێنمایی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەرەشەلێکراو

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٢١

بەیانی قەدەغەکردنی چەکی دەنگی

**بەیانی ژمارە (٤- ٥ )ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** ٢٣

**بەیانی ژمارە (١- ٢ - ٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٢٤

**بەیانی ژمارە (٦ - ٧ - ٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٢٥



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤


نرخی ١٥٠٠ دینارە

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٠) | السنة ثلاثة وعشرون | ١٦ أذار ٢٠٢٣ م. | ٢٥ ڕەشەمێ ٢٧٢٢ ک. | ٢٤ شعبان ١٤٤٤ هـ.

300

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



| | ص |
|---|---|
| **القانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٢٢** | |
| قانون تعديل تطبيق قانون إدارة الأوقاف العراقي رقم (٦٤) لسنة ١٩٦٦ المعدل في إقليم كوردستان – العراق | ٢٦ |
| **قرار رقم (١ – ٢ – ٣ – ٤ – ٥ – ٦ – ٧ - ٨) لسنة ٢٠٢٣ برلمان كوردستان** | ٢٨ |
| **فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** | **ص** |
| **تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ٨ |
| **تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشوؤن الاجتماعية** | ١٧ |
| **بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية** | ٢١ |
| **بيان رقم (٤ - ٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل** | ٢٣ |
| **بيان رقم (١ - ٢ - ٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة والموارد المائية** | ٢٤ |
| **بيان رقم (٦ - ٧ - ٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** | ٢٥ |



No. 300 Date: March 16 , 2023 - Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

سعر ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی**
**ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

پیادەکردنی خاڵی (٢) لە ماددەی (٢)ی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٢- وەقفی پاشکۆ، لە کاتی نەمانی لە ئەستۆگرتنی یان دەستپێکێشانەوەی لە ئەستۆکراو، بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی لێپرسینەوە یان دادگای باری کەسی، و لە بەرامبەر بەڕێوەبردندا بڕی (٣٥٪) سی و پێنج لە سەدی کۆی گشتی داهاتەکە وەردەگرێت.

**ماددەی (٢):**

پیادەکردنی خاڵی (١) لە ماددەی (٤)ی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

١-

أ- دیوان چاودێری وەقفە پاشکۆکان دەکات، لە لەئەستۆگرانی دەپرسێتەوە، لەبەرامبەردا (٣٠٪) سی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هەر وەقفێک وەردەگرێت، و لە کاتی گۆڕینی وەقفکراو بۆ موڵک لە ڕێگەی سەرپێچی و زێدەڕۆیی سکاڵا بەرزدەکاتەوە.

ب- دیوان بە مەرجێک بڕی (٣٠٪) سی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هاتوو لە خاڵی (أ) وەردەگرێت، کە لەدوای جێبەجێکردنی مەرجەکانی وەقفکار بڕەکە لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکاندا خەرج بکات.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بەمەبەستی ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان لە وەقفە پاشکۆکان، و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکان بە مەرجی لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی وەقفکار، ئەم یاساییە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٢/٥**

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (شێرکۆ جودت مصطفی)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (ابوبکر عمر عبدالله)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (اسماعیل علی طه)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (سەرچنار احمد محمود)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (هلز احمد محمد)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٦**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (علی حمه صالح طه)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٧**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١**

**بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و خاڵی (١ ، ٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (کاظم فاروق نامق)لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوە خوای گەورە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٣/٣/١٥**

**بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤٣) و ماددەی (٤٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و بەندی (١) لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١٥ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لەم بەڕێزانەی ناویان لەخوارەوە هاتووە:-

١- بژار خالد عبدالله.

٢- عباس فتاح صالح.

٣- بەڵێن اسماعیل حاجی

٤- روبینه اویملك عزیز.

٥- سارا دلشاد بکر.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢٣/٣/١٥ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٣٨٨٦ لە ٢٠٢٣/٣/٢**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٦) لە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ ،ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ئاسانکاری لەجێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرکان وکارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق .

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق .

**چوارەم: لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان.

**پێنجەم: سەرۆکی لیژنە:**سەرۆکی لیژنەی باڵای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان، واتە وەزیر تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان**:

ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتانەی کە لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق هاتووەو ئەو بابەتانەی لە یاساکە ئاماژەیان پێنەدراوە، بەمەبەستی پاراستنی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم مادده هۆشبەرە نایاساییەکان و، ڕێکخستنی بەرهەم هێنان و هاوردەکردن و عەمبارکردنی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان لەلایەن ئەو کۆمپانیانەی بە شێوازێکی یاسایی ماددەی تەندروستی بۆ دەرمانخانەکان هاوردە دەکەن و، ڕێکخراوو سەنتەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و چارەسەرکردنی ئالوودەبوان.

**ماددەی (٣): پێکهاتە و کارەکانی لیژنەی باڵا:**

**یەکەم:** خاڵە گشتییەکان:

١- لیژنەی باڵا سەرۆکایەتی دەکرێت لەلایەن وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق، و لە کاتی ئامادە نەبوونی لەلایەن جێگری سەرۆکەوە کارەکان ئەنجام دەدرێت.

٢- کۆبوونەوە ئاساییەکان مانگی جارێك دەبێت و، لە کاتی پێویست بە بڕیاری سەرۆکی لیژنەی باڵا کۆبوونەوە نائاساییەکان ئەنجام دەدرێن.

٣- بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنەی باڵا کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات و، بڕیارەکانی پابەندکراو دەبن.
٤- سەرجەم بڕیارەکان بە شێوازی دەنگدان دەبێت و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان دەنگی سەرۆکی لیژنە لە چ لایەك بوو ئەو لایە پێش دەخرێت.
٥- سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی هەیە بانگهێشتی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بکات لەم بوارە بۆ کۆبوونەوەکان.
٦- سەرۆکی لیژنە دەسەلاتی هەیە بانگهێشتی نوێنەری وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵا بە شێوەیەکی بەردەوام.

**دووەم:** سەرۆکی لیژنە بڕیاردەرێك دیاری دەکات بە فەرمانی وەزاری بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و، ئەرکەکانی بریتی دەبن لە مانەی خوارەوە:
١- دیاریکردنی ڕێکەوت و شوێنی کۆبوونەوە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی لیژنەی باڵا.
٢- بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵا کارنامەی کۆبوونەوەکان ئامادە دەکات.
٣- بەدواداچوون بۆ ڕاسپاردەکان و بڕیارەکانی لیژنەی باڵا دەکات.
٤- هەماهەنگی دەکات لە نێوان ئەندامان و فەرمانگەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی لیژنەی باڵا.

**سێیەم:** لیژنەی باڵا سکرتاریەتێکی دەبێت بۆ ڕاییکردنی کارەکان و نووسینی کۆنووس و ئاگادارکردنەوەی ئەندامان بە کات و بابەتەکانی کۆبوونەوە و ئەرشیفکردنی بەراییەکانی کۆبوونەوەکان و، هەر کارێك کە لەلایەن سەرۆك و جێگرەکەی پێیان ڕادەسپێردرێت.

**ماددەی (٤): ئەرکەکانی لیژنەی باڵا بریتیە لە مانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی گشتی بۆ هاوردەکردنی هەر جۆرێکی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵی و پێشینە کیمیاییەکان، هەناردەکردن، گواستنەوە، بەرهەمهێنان، دروستکردن، گرتنەوە، شیکردنەوە، چاندن، بە خاوەنبوون، دەستداری و بەدەستهێنان (احراز)، بازرگانی پێکردن، کڕین، فرۆشتن، ڕادەستکردن، وەرگرتن، نووسینی بە ڕاچێتەی پزیشکی، پێدانی لە دەرمانخانەکان و هێنانی بەهەر ڕێگایەك، یان نێوەندگیری کردن لە هەر یەکێك لەم کردانە بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی یاخود پیشەسازی، بەو مەرجەی بە مۆڵەتی وەزیر بێت، لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێمدا.

**دووەم:** هەماهەنگی و هاریکاری کردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی تایبەتمەند لە کاروباری مادده هۆشبەرو کارتیکارە عەقلییەکان لە هەرێم.

**سێیەم:** هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم بوارە.

**چوارەم:** دانانی ستراتیژیەتی نیشتیمانی گشتگیر بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیاییەکان، سەرەڕای ئامادەکردنی پلان و پرۆگرام بۆ جێبەجێکردنیان.

**پێنجەم:** گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ نەهێشتنی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە عەقڵییەکان، بەپێی میتۆدێکی زانستی چاکسازی و چارەسەرکاری کەسانی ئالوودەبوو.

**شەشەم:** دیاریکردنی بڕی ئەو مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمیایانەی کە دەبێت ساڵانە هاوردە بکرێن یان هەناردە بکرێن یان بگوازرێنەوە یان بەرهەم بهێندرێن، یاخود بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بچێندرێن.

**حەوتەم:** سوود وەرگرتنی ساڵانە لە رۆژی جیهانی مادده هۆشبەرەکان، بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە مەترسیەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، یان بازرگانی کردنی ناڕەوا پێیان، یاخود خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلی و پێشینە کیمابییەکان و هاندانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پەیوەندیدار بە پرسەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان، یان خراپ بەکارهێنانیان و کۆمەککردنیان لە رووی مەعنەوییەوە.

**هەشتەم:** هاندانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاجیاکانی تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی پێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان و خراپ بەکارهێنانیان، ئەنجامدانی پێشبڕکێی ساڵانە و بەخشینی پاداشتی ماددی و هاندان و بەخشینی خەڵاتی نەختینە بە سەرکەوتووان.

**نۆیەم:** پێشنیازکردن بۆ دامەزارندن و پەرەپێدانی دامەزراوەی تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودەبوو بە مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان و، دەستەبەرکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکان لە فەرمانبەرانی لێهاتوو بۆ ئەم چارەسەریە لەگەڵ ئامێرو کەرستەی پێویست.

**دەیەم:** گرێبەستکردن لەگەڵ شارەزایانی خاوەن لێهاتوویی زانستی و پراکتیکی بۆ سوود وەرگرتن لێیان لە هەر بوارێك لەو بوارانەی هاوکار بێت لە هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم رێنماییە.

**یازدەیەم:** پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لە هەر کاروبارێك لە کاروبارەکانی مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵی و پێشینە کیماییەکان.

**دوازدەیەم:** هاندانی کادیرە پزیشکی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ کارکردن لەو دامەزراوانەی پەیوەندیدارن بەنەهێشتنی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان و چارەسەرکردنی ئاڵوودەبوان هەیە.

**سیازدەیەم:** نـوێکردنەوەی ئەو خشـتانەی کە هـاوپێچی یاسـای بەرنگـاربوونەوەی مـاددە هۆشـبەرو کارتێکـارە عەقلییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان هـاتووە لە (١تـا١١) یەك تـا یـازدە بە جۆرێـك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی لەلایەن کۆماری عێراقی فیدڕاڵەوە واژۆکـراون و پێڕەودەکرێن و بە سوود وەرگرتن لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

**چواردەیەم:** دیاریکردنی شێوازی نوێنەرایەتی کردنی لیژنەی باڵا لە لیژنەی پێکهاتوو بە گوێرەی ماددەی (٤٠) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردسـتان و، دەرکردنـی بڕیـارو ڕاسـپاردەی پێویسـت بـۆ پشـکنین و پاراسـتن و عەمبـارکردن و دیـاریکردن و لەناوبردنی ماددەی هۆشـبەرو کارتێکـارە عەقلییەکـان و پێشـینە کیمیاوییەکـان، ئەوانەی حـوکمی دەست بەسەرداگرتنیان دراوە.

**پازدەیەم:** بەڕێوەبردنی سندوق سپاردەکردنی ئەو پارانەی لە جێبەجێکردنـی یاسـا بەرەنگـاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردسـتان سـپاردەدەکرێت دیـاری دەکـات بەو شێوەیەی کە  لە ماددەی ( ٥)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**ماددەی (٥): سندوقی سپاردەکردن:**

**یەکەم:** ڕێنماییەکـانی ئەم سـندوقە بە شـێوازی بەڕێـوەبردنی هـاوبەش لە نێـوان وەزیـری دارایـی و ئابووری و وەزیری تەندروستی و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت.

**دووەم:** لیژنەی باڵا ژمارەی بانکی پێویست دیاری دەکات بۆ کردنەوەی ڕاسپاردەکانی ئەم سندوقە.

**سێیەم:** لەژێـر ڕۆشـنایی ڕێنمـایی ئامـاژە پێکـراوی خـاڵی یەکەم سـەرۆکی لیـژنەی بـاڵا فەرمـانبەری پێویست دیاری دەکات بۆ ڕایی کردنی کارەکانی ئەم سندوقە.

**چوارەم:** لیژنەی باڵا بڕیار لەسەر بڕی پێویست دەدات بۆ خەرجکردنی لە بابەتێکی دیاریکراو.

**پێنجەم:** سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی خەرجکردنی پارەی ئەم سندوقەی هەیە تا بـڕی ( ٢٠٠٠٠٠٠٠ ) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی بەبێ گەڕانەوە بۆ لیژنەی باڵا.

**شەشەم:** دوای ڕەزامەندی لیژنەی باڵا لەسەر خەرجکردنی بڕێك بۆ مەبەستێکی دیاریکراوو دیاریکردنی لە کۆنووسـی کۆبـوونەوە سـەرۆکی لیـژنە و فەرمـانبەرانی دیـاریکراو دەسـەڵاتی خەرجـی بـڕی دیاریکراویان دەبێت بە گوێرەی ڕێنمایی دیاریکراو.

**حەوتەم:** لیژنەی باڵا شێوازی بەڕێوەبردنی سندوقی سپاردەکردنی ئەو پارانەی لە جێبەجێکردنی یاسـا بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان سپاردە دەکرێـت دیاری دەکات بەم شێوەی خوارەوە:

١- دروستکردنی و پەرەپێدانی پێویستیەکان بۆ سەنتەری چارەسەرو ڕاهێنانەوەی تووشبوانی ماددە هۆشبەرەکان.

٢- هاندان وپشتگیری کردنی دارایی بۆ توێژینەوە و هەڵمەتی هۆشیاری بۆ رووبەرووبونەوەی ماددەی هۆشبەر.
٣- هەر بابەتیکی تر کە لە رێنمایی دیاری کراوی خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە دیاری کراوە.
٤- هەر بابەتیکی تر کە لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی٢٠٢٠ دیاری کراوەو لیژنەی باڵا بە پێویستی بزانێت.

**ماددەی (٦): خەملاندن و هاوردەکردنی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان:**

**یەکەم:** خەملانی پێویستی هەرێم لە ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان و هاوردەکردنیان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

١- کەرتی گشتی :

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستیەکان خەملاندنی پێویستی ساڵانەی خۆیان بۆ وەزارەت بەرزدەکەنەوە.

ب- لە کاتی کڕینی ئەم دەرمانە بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ وەزارەت دەبێت بەمەرجێك لەگەڵ بڕی خەملێندراو بگونجێت.

ج- لە کۆتایی ساڵ راپۆرت بەرزبکرێتەوە لە فەرمانگە تەندروستیەکان سەبارەت بە بڕی بەکارهێندراوو بڕی ماوە لە کۆگاکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان.

٢- کەرتی تایبەت:

أ- خەملاندنی بڕی پێویست لەم دەرمانانە لەلایەن نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت.

ب- خەملاندنی پێویستی لەلایەن نەخۆشخانەکان بەرزبکرێتەوە بۆ وەزارەت.

ج- لە کاتی کڕینی ئەم دەرمانە بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ وەزارەت دەبێت بەمەرجێك لەگەڵ بری خەملێندراو بگونجێت.

د- لە کۆتایی ساڵ راپۆرت بەرزبکرێتەوە سەبارەت بە بڕی بەکارهاتوو و بڕی ماوە لە کۆگاکانی نەخۆشخانە.

هـ - خەملاندنی بڕی پێویست لەم دەرمانانە لەلایەن دەرمانخانەکانی کەرتی تایبەت.

و- خەملاندنی پێویستی ئەم دەرمانانە بەپێی دانیشتوانی هەرێم ئامادە بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان.

**دووەم:** هاوردەکردن: بۆ هاوردەکردنی هەر دەرمانێکی کۆنترۆڵکراو لە وەزارەت:

١- دڵنیا بوون لە ئەستۆپاکی لایەنی هاوردەکار لە ئاسایشی هەرێم دوای رەزامەندیان بە نووسراوی فەرمی.

٢- دڵنیابوون لە بڕی هاوردەکراوو شوێنی بەکارهێنانی و بەراوردکردنی لەگەڵ خەملاندنی پێویستی ئەم شوێنە.

٣- مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵە و دەکرێت نوێ بکرێتەوە.
٤- بڕی هاوردەکراوی پێشووترو بڕی ماوە لە کۆگاکانی کۆمپانیاو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان تۆماردەکرێت لە داتا بەیسی دەرمانی کۆنترۆڵکراو.
٥- واژووکردنی نووسراو پاش ڕەزامەندی وەزیر لەسەر بڕو لایەنی هاوردەکار.
٦- ئەولایەنانەی مۆڵەتی هاوردەکردنیان پێدەدرێت بریتین لە:
أ- فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم، پەیمانگا زانستییەکان، ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی دانپێندراو کە پسپۆڕییەکانیان پێویستی بە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان هەیە.
ب- خاوەنی کارگەکانی شیکردنەوەی کیمیایی یان پیشەسازی یان خۆراکی یان هەرشتێکی دیکە کە کارەکانیان پێویستی بە ماددەی هۆشبەر یان کاتێکارە عەقلییەکانە.
ج- خاوەنی ئەو کارگەو شوێنانەی مۆلەت دراون بە دروستکردنی ئەو دەرمانانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقڵی دەخرێتە پێکهاتەکانیانەوە.
د- کۆمپانیاکانی بواری دەرمان کە تۆمارکراون لە وەزارەتی تەندروستی لە چوارچیوەی بڕو جۆری پەسندکراو لە لیژنەی باڵا بە گوێرەی خەمڵاندنی ساڵانەو دوای دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە بۆیان دابین دەکات.
٧- ناردنی نووسراو بۆ وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردن و نووسراوی لاری نەبوون.
٨- مولەت تەنها لەلایەن وەزیری تەندروستیەوە دەدرێت و بۆ ماوەی یەك ساڵەو دەکرێت درێژ بکرێتەوە.
٩- وەزیری تەندروستی بۆی هەیە مۆڵەتی هاوردەکردن هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر مەرجەکانی هاوردەکردن دەستەبەر نەبوو.
١٠-ئەگەر لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لایەنی مۆلەت پێدراو کار بە مۆڵەتەکەی نەکات ئەوا بە هەڵوەشاوە دادەندرێت و، وەزیری تەندروستی دەسەڵاتی درێژکردنەوەی هەیە بۆ هەمان ماوە.
١١- پێویستە ئەو کەس و لایەنانەی داواکاری هاوردەکردن پێشکەش دەکەن ناووناونیشانی خۆیی و کارەکی، ناوی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان کە دەیەوێت هاوردە بکات لەگەڵ مەبەستی هاوردەکردن بە شێوەی نووسراو پێشکەش بە وەزیری تەندروستی بکات.
١٢- وەزیری تەندروستی بۆی هەیە ڕەزامەندی لە سەر داواکارییەکە بدات یان ڕەتی بکاتەوە یاخود ئەو بڕەی تێیدا داواکراوە کەم بکاتەوە بەرەچاوکردنی ئەو مەبەست و حالەت و ئەو مەرجانەی کە لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠ دیاریکراوە.
١٣- ڕێگەپێدانی هاوردەکردن بەهەماهەنگی دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر لە دەزگای ئاسایشی هەرێم.

١٤- لە کاتی گەیشتنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینەی کیمیایی بەدەروازەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن گومرگەوە وەردەگیرێت و لەلایەن دەرمانسازی رێگەپێدراو پشکنینی بۆ دەکرێت ، دوای دڵنیابوون لە بڕو جۆرەکەی کە هاوشێوەی رێگە پێدانە دەگوازرێتەوە بۆ کۆگای دەرمانی وەزارەتی تەندروستی و دواتریش رادەستی لایەنی هاوردەکار دەکرێت.

**سێیەم:** لە کاتی پێویست دا وەزیری تەندروستی دەسەلاتی گرێبەست کردنی هەیە بۆ کرین ودابین کردنی دەرمانی کۆنترۆل کراو بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت وە تێچووی گرێبەستەکەش دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی سوودمەند بوو لە دەرمانە کۆنترۆل کراوەکان.

**ماددەی (٧): کۆگاکردن و گواستنەوە:**

**یەکەم:** لە کۆگاکانی کۆمپانیا دەبێت شوێنێکی تایبەتی هەبێت بۆ کۆگاکردنی ئەم دەرمانانەو تەنها یەك کەس لە کۆمپانیا رێگە پێدراو دەبێت بۆ کردنەوەی ئەم ژوورە.

**دووەم:** تۆماری تایبەت هەبێت بۆ درەمانی کۆنترۆلکراو لە کۆگا بۆ تۆمارکردنی بڕی هاتوو لەگەڵ بڕی دەرچوو (داهاویشتەو دەرهاویشتە)ی کۆگا لەگەڵ بەڵگەنامەکان.

**سێیەم:** دەرمانخانەکان و ئەو لایەنانەی مۆڵەت دراون بە هاوردەکردنی ماددەی هۆشبەرو کاتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و بەکارهێنەرەکانیان دەرخستەیەکی واژووکراو بە وردەکاریەوە دەنێرن بۆ برِیاردەری لیژنەی باڵای نەهیشتنی ماددەی هۆشبەر لە وەزارەتی تەندروستی، لەسەر جۆرو بڕی ئەو ماددانەی وەریان گرتووەو شێوازی بەکارهێنانیان لە لیستێکدا کە وەزارەتی تەندروستی ئامادەی دەکات.

**چوارەم:** تەواوی زانیارییەکانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان لە کاتی هاوردەکردنەوەو گواستنەوەو کۆگاکردن و سەرفکردن و بەسەرچوون و تا لە ناوبردنیان لە داتا بیسێك تۆماردەکرێت لە وەزارەتی تەندروستی.

**پێنجەم:** هەرگواستنەوەیەکی ئەم دەرمانانە و لایەنی تۆمارکراو دەبێت تۆمار بکرێت.

**شەشەم:** وەزارەتی تەندروستی و دەزگای ئاسایش، بەرێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر بەدواداچوون بۆ هاوردەکردن و کۆگاکردن و گواستنەوەو سەرفکردنی ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان دەکەن.

**ماددەی (٨): بەکارهێنانی دەرمانی کۆنترۆڵکراو:**

**یەکەم:** ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان بۆ نەخۆشانی پێویست بەم دەرمانە لە راچێتەیەکی تایبەت دەنووسرێت و تەنها بەم راچێتەیەش سەرف دەکرێت لە دەرمانخانەکان و جگە لەم شێوازە لێپێچینەوە لەو شوێنە دەکرێت کە دەرمانەکەی سەرفکردووە.

**دووەم:** شێوەی راچێتەی سەرفی دەرمانی کۆنترۆڵکراو لەگەڵ ناوەرۆکەکەی بە بەیانێکی وەزارەتی تەندروستی بڵاو دەکرێتەوە.

**سێیەم:** سەندیکای پزیشکانی کوردستان و سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بەرپرسن لە ئاگادارکردنەوەی پزیشك و دەمانسازەکان و دەرمانخانەکان بە تایبەت لە کەرتی تایبەت.

**چوارەم:** راچێتەکـان پـارێزراو دەبـن لە دەرمانخانەکـان و بە لیسـتێك دەدرێـنەوە بە وەزارەتـی تەندروستی.

**پێنجەم:** ماددەی هۆشبەرو کاتێکارە عەقلییەکان دوای گەیشتنیان بە دەروازەکانی هەرێم و بردنیان بۆ کۆگاکانی وەزارەتـی تەندروسـتی کۆمپانیـای هاوردەکـار دەیگـوازێتەوە بـۆ کۆگـای کۆمپانیـاو لە ژوورێکی تایبەت هەڵدەگیرێت و کلیلی تەنها لای یەك کەس دەبێـت و بەدەرهاویشـتەی تـایبەت دەگوازرێتەوە بۆ کۆگاکانی دەرمان و نەخۆشـخانە و دەرمانخانەکـان بە شـێوەیەك دەبێـت تەواو جولەکان لە داتابیسی وەزارەتی تەندروستی تۆمار بکرێت.

**شەشەم:** زانیاری مۆڵەت دراوان بە هاوردەکردن بۆ ماوەی بیست ساڵ و راچێتەی سەرف بۆ نەخۆش بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەگیرێن.

**ماددەی (٩): لە ناوبردنی ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان:**

**یەکەم:** مـاددەی دەسـت بەسـەرداگیراو هەڵـدەگیرێت لە دەزگـای ئاسـایش، بەرێـوەبەرایەتی گشـتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر.

**دووەم:** مــاددەی مــاوە بەســەرچوو مــاوەی حەوت رۆژ پــێش بەســەرچوونی ئاگــاداری وەزارەتــی تەندروستی دەکرێتەوە لە داتابیسی تایبەت بە زانیاری ماددەی هۆشبەر تۆماردەکرێت.

**سێیەم:** ماددەی دەست بەسەرداگیراو دوای بڕیاری دادگا بەلەناوبردنیـان و مـاددەی مـاوە بەسـەرچوو دوای رەزامەنـدی وەزیـری تەندروسـتی لەلایەن لیـژنەی پشـکنین و عەمبـارکردن و لەنـاوبردنی ماددەی هۆشبەر بە شێوەیەکی زانستی و مەرجە تەندروستیەکان و ژینگەییەکان لەناو دەبرێن.

**چوارەم:** تێچووی لەناوبردنی دەرمانی ماوە بەسەرچوو لە ئەستۆی کۆمپانیـای هاوردەکـارەو تێچـووی مەوادی دەست بەسەرداگیراویش لەسەر صندوق دەبێت.

**پێنجەم:** مۆڵەتی هاوردەکردن نادرێت بە:

١- ئەوەی لەسەر تاوانێك یان ئابڕوو بەر حوکم درابێت.

٢- ئەوەی پێشینیەی حوکمدانی هەبێت لەسەر ماددەی هۆشبەر.

**ماددەی (١٠): سەنتەری چارەسەری تووشبوان و ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر:**

**یەکەم:** هـیچ کەس و رێکخـراو و کۆمپانیــاو لایەنیـك بـۆی نیـیە سـەنتەری چارەسـەری تووشـبوان و ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان بکاتەوەو ئەم کارە تایبەت دەبێت بە حکومەت.

**دووەم:** وەزارەتی (تەندروستی ، کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ) ئەرکی کردنەوەی سەنتەری چارەسەری تووشبوان و ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلییەکان دەگرنە ئەستۆ.

**سێیەم:** کەسـانی شـارەزاو چارەسـەرکاری ئەم بـوارە دەبێـت لەلایەن وەزارەتـی تەندروسـتی رێـگە پێدراوبن و، لە سنووری ئەو رێگە پێدانە کارەکانیان ئەنجامدەدەن.

**ماددەی (١١): کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

**یەکەم:** سەرجەم دراماو بابەتی پەیوەندار بە ماددەی هۆشبەر و کارتیکارە عەقلییەکان دەبێت لە ژێر چاودێری ووردی کەناڵەکان دابن و، وەزارەتی رۆشنبیری گشتاندن بۆ سەرجەم کەناڵە بینراو و بیستراوو نووسراوەکان بکات لەم بوارە.

**دووەم:** وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی رۆشنبیری هۆشداری تەواو بڵاودەکەنەوە لەبەرپرسیاربوونی هەر کەس و لایەنێك کە بە شێوازێکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باس لە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان بکات کە ببێتە مایەی سەرنج راکێشانی هەر توێژێکی کۆمەڵگا بۆ مادده هۆشبەرەکان.

**ماددەی (١٢): ریکخراوەکانی بواری بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر:**

**یەکەم:** ئەو رێکخراوانەی لە بواری هۆشیارکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان کاردەکەن جگە لە رەزامەندی رێکخراو لە وەزارەتی ناوخۆ، دەبێت رەزامەندی لە لیژنەی باڵا وەربگرن سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیان.

**دووەم:** سەرجەم چالاکییەکانی پێشنیارکراوی ساڵانە لەلایەن رێکخراوەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ لیژنەی باڵا و دوای ئەنجامدانیشان راپۆرت دەدرێتەوە لیژنەی باڵا ، و نابێت هیچ چالاکییەك لە دەرەوەی بازنەی پلانی ستراتیژی و نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** لیژنەی پێکهاتووبەگوێرەی ماددەی(٤٠)لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە پەیرەوێکی ناوخۆ رێکدەخرێت.

**دووەم:** فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی بە فەرمانێکی وەزاری دیاری دەکرێن وەک ئەندامی بەرزەفتی دادوەری بەپێی ماددەی (٤١) یەکەم /٤ لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

**ماددەی (١٤):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٥):**

ئەم رێنماییانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ١٩٢٦ لە ٢٠٢٣/٣/١٥**

پاڵپشت بە بڕگەی (هەژدەم) ی ماددەی (دووەم) وبەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بڕگەی ( ب )ی ماددەی ( ١٠٥ ) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١٢٦ ) ساڵی ( ١٩٨٠ ) ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێكراو**

## بەشی یەکەم

## پێناسە وئامانج

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆجێبەجێ کردنی ئەورێنماییە:

**یەکەم: هەرێم :** هەرێمی کوردستان _عێراق .

**دووەم: وەزارەت :** وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم: ماڵی داڵدەدان :** ماڵێکی نهێنی پارێزاوی تایبەتە بۆ لەخۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو بەمەبەستی پاراستن و شیاندن و بەدواداچوونی کێشەکانیان وگەرانەوەیان بۆ کۆمەڵگا و دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی رۆژانە بۆیان .

**چوارەم: ژنانی هەرەشەلێکراو :** ئەو ژنانەی کە لە خیزانەکانیاندا لەسەر بنەمای رەگەز توندوتیژی بەرامبەریان دەکرێت و مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە .

**ماددەی (٢):** ئامانجەکانی ئەم رێنماییە :

**یەکەم:** پاراستنی ژنان لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی کە دژیان ئەنجام دەدرێت.

**دووەم:** دابین کردنی ژیانێکی ئارام بەشێوەیەکی کاتی بۆ ژنانی هەڕەشە لێکراو تا چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەرووی کۆمەڵایەتی ویاسایی وگەرانەوەی ئاساییان بۆ ناو کۆمەڵگا .

## بەشی دووەم

**ماددەی (٣):**

**یەکەم :**

**أ.** وەزارەت هەڵدەستێت بەکردنەوە و چاودێری وسەرپەرشتی تەواوی ماڵەکانی داڵدەدان لە هەرێم .

**ب.** ماڵەکانی داڵدەدان دەبەسترێتەوە بە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم .

**ج.** ماڵی داڵدەدان بەرێوەبەرایەتیەکە کە فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر ئەرکی بەرێوەبردنی پێ دەسپێردرێت ، شارەزا و لێهاتوو بێت لەو بوارە .

**د.** بەرێوەبەرایەتی ماڵی داڵدەدان لە هۆبەکانی (کارگێری ، ژمێریاری ، یاسایی ، تـوێژەران وخزمەتگوزاری ) پێکدێت .

**دووەم:** سەرجەم فەرمانبەرانی ماڵی داڵدەدان لە رەگەزی مێ دەبن .

**ماددەی (٤):** ماڵی داڵدەدان هەڵدەستێت بەم کارانەی خوارەوە :

**یەکەم:** وەرگرتنی ژنانی هەڕەشەلێکراو ، پۆلینکردنیان بەپێی جۆری کێشە و ماوەی مانەوە و تەمەن وباری تەندروستیان .

**دووەم:** دابین کردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی وپێداویستیە سەرەکییەکانی رۆژانەی سوودمەندان .

**سێیەم:** دابین کردنی ژینگەیەکی لەبارو تەندروست بۆ سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان لە رووی دەروونی وجەستەیی وتەندروستی وکۆمەڵایەتی . .

**چوارەم:** بەدواداچوونی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بۆ سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان لەدادگا و دامەزراوە حکومیەکان لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییەکان .

**پێنجەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چاودێری پاشینە بۆ سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی وریێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت .

**شەشەم:** پاراستن و شیاندن و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان و رەخساندنی هەلی کاری پێویست بۆ سوودمەندانی دوای گەرانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا .

**حەفتەم:** کردنەوەی خول وسیمینارو وۆرکشۆپ بۆ کارمەند وسوودمەندانی ماڵی دالدەدان .

**ماددەی (٥):**

منداڵەکانی سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان تا تەمەنی **(٦)** شەش ساڵی بۆیان هەیە لەگەڵ دایکیان بمێننەوە ، دوای گەیشتن بەو تەمەنە رەوانەی خانەی منداڵان دەکرێن ، بەڵام بە بوونی خزمێکی پلە یەك وەیان دوو کە سەرپەرشتی بکات دوای وەرگرتنی رەزامەندی دایکی دەدرێت بەو ، لە هەموو بارەکان ماڵی داڵدەدان بەرپرسە لە رێکخستنی سەردانی منداڵ بۆ لای دایکی کە نابێت لە هەفتەیەکدا یەك جار کەمتر بێت .

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** لیژنەیەك لە ماڵی داڵدەدان پێکدەهێندرێت بەسەرۆکایەتی بەرێوەبەر و ئەندامیەتی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی وەیان دەروونی و یاساییەك ، بۆ وەرگرتن و دەرچوونی سوودمەندانی ماڵەکانی داڵدەدان .

**دووەم:** لیژنە هەماهەنگی پێویست لەگەڵ دادگاکانی هەرێمدا دەکات لە کاتی وەرنەگرتنی کەیسێك کەلەلایەن دادگاوە بەبێ بوونی مەرجی سوودمەندبوون رەوانەی ماڵی داڵدەدان کراوە .

## بەشی چوارەم

## مەرجی وەرگرتن و چوونە دەرەوەی سوودمەندان

**ماددەی (٧):**

**یەکەم: مەرجەکانی وەرگرتن:**

**أ.** دەبێت ئەو ژنانە هەرەشەلێکراو بن ، دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی و یان یاسایی هاتبن .

**ب.** نەخۆش نەبن بە یەکێك لە نەخۆشیە گوازراوەکان یان دەروونیەکان .

**ج.** دەبێت پشکنینی پزیشکی بکرێت بەر لە وەرگرتنیان .

**دووەم : مەرجەکانی دەرچوون :**

**أ.** کۆتایی بە کێشەکەی هاتبێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و یاسایی یەوە .

**ب.** لەسەر داوای سوودمەند خۆی (بە نوسراوی) بە مەرجێك تەمەنی لە **(١٨)** ساڵ کەمتر نەبێت وبە ڕەزامەندی لیژنەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی **(٦)**، وئەگەر تەمەنی کەمتر بوو لە **(١٨)** ساڵی پێویستی بە بڕیاری دادگایە .

**سێیەم:** نابێت بە هۆکاری بێ لانەیی ونەبوونی جێگا کەیس وەربگیرێت ، بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش هەماهەنگی پێویست بکرێت بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان

**چوارەم:** کەیسی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ پاش مانەوەی چەند رۆژێك لە ماڵەکان ئەگەر زانرا مانەوەی زیانی هەیە بۆ حالەتەکانی تر ، لیژنەی وەرگرتن ودەرچوون لە ماڵەکان پەیوەندی دەکات بەو لایەنەی کە هێناویەتی بۆ دۆزینەوەی ریگا چارەیەك .

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** دەبێت ئەو کارمەندانەی کە لە ماڵی داڵدەدان کاردەکەن بەڵێننامە پڕبکەنەوە بە پاراستنی نهێنی کەیس و نهێنیەکانی ماڵی داڵدەدان .

**دووەم:** پێویستە سودمەندان پابەندبن بە رێنماییەکانی ناو ماڵی داڵدەدان و بە پێچەوانەوە رێککاری جێگرەوەیان بەرامبەریان دەگیرێتە بەر .

**ماددەی (٩):**

بنکەیەکی تەندروستی سەرەتایی ئەرکی پشکنین وچارەسەری تەندروستی سوودمەندانی ماڵی داڵدەدان دەگرێتە ئەستۆی و لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەت کارمەندی پێویست وخزمەتگوزاریە تەندروستییەکانی بۆ دابین دەکرێت .

**ماددەی (١٠): وەزارەت :**

**یەکەم:** بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خزمەتگوزاری بۆ ماڵەکانی داڵدەدان لەگشت بوارەکان پێشکەش دەکات.

**دووەم:** لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی خولی تایبەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان وپاراستنی نهێنیەکانی ماڵی داڵدەدان ئەنجام دەدات بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی کار لەگەڵ کێشەی توندوتیژیدا دەکەن .

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** ماڵی داڵدەدان مانگانە راپۆرتی سەرجەم کارو چالاکیەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

**دووەم:** هۆبەی توێژینەوە لە ماڵی داڵدەدان ، تۆماری نهێنی پێویستیان دەبێت بۆ تۆمارکردنی لایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی ، رۆژانە بۆ ئەو سوودمەندانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن .

**سێیەم:** لەبەر پێویستی ماڵی داڵدەدان بە سەرپەرشتی بەردەوام ، دوای دەوامی فەرمیش ، بۆ ئەم مەبەستە ، شەوانە نابێت لە دوو چاودێر کەمتر ئەم ئەرکەیان پی بسپێردرێت .

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** ماڵی داڵدەدان هەماهەنگی پێویست دەکات لەگەڵ دادگا لەکاتی ناردنی کەیسێك مەرجەکانی سوودمەندبوونی تیا نەبێت .

**ماددەی (١٣):**

بنەماکانی هاتوو لە میکانیزمی کارکردن لە ماڵەکانی داڵدەدان بەشێکن لەبنەماکانی ئەم رێنماییە بەمەرجێك ناکۆك نەبونیان .

**ماددەی (١٤):**

وەزارەت لە راپەراندنی ئەرکەکانیدا هەماهەنگی پێویست دەکات لەگەڵ فەرمانگەکانی پەیوەندیدار ودادگاکانی هەرێم و رێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی .

**ماددەی (١٥):**

رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ تایبەت بە ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەرەشەلێکراو بە دەرچوونی ئەو رێنماییە هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (١٦):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ، جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٥٩٨٢ لە ٢٠٢٣/٢/٢٨**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**بەیانی قەدەغەکردنی چەکی دەنگی**

**ماددەی (١):**

١- چەکی دەنگی بـۆ مەبەسـتی ئەم بەیـانە بـریتیە لەو جـۆرە چەکـانەی لە کـاتی تەقانـدنی دەنگێـک دروست دەکەن کە لە دەنگی چەکی ئاگرین دەچێت بەبێ ئەوەی گوللە لێی دەربچێت و ئەو دەنگە دەبێتە هۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان و هەروەها بەکاردەهێندرێت بۆ مەبەستی هەڕەشە و تۆقاندن و ئەنجامدانی تاوان و هەردوو جۆری (خلب)و رووناککەرەوە ناگرێتەوە .

٢- ئەو چەکە دەنگیانەناگرێتەوە کە بەکار دەهێندرێن لە یارییە وەرزشییەکان یان چالاکییە وەرزشییە پەروەردەییەکـان بـۆ دەسـتپیکردنی پێشـبڕکێیەکان و فێرگەکـانی مەشـق و شـیاندنی هێزەکـانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزە چەکدارەکان .

**ماددەی(٢) :**

١- هەبوون وهەڵگرتن و بەکارهێنان و کڕینـی چەکـی دەنگی بەهەمـوو شـێوەیەک قەدەغەیە بەپێـی پێویستی دەبێت بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بڕگە(٢)ی ماددەی (١)ی ئەم بەیانە .

٢- وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی نـاوخۆ بە هەبـوون و هەڵگرتنـی ئەم جـۆرە چەکـانە لەلایەن یـانە وەرزشییە پەیوەندارەکان و کەسی رێگە پێدراو بۆ کاروباری فەرمی لە رێگـای نووسـراوی فەرمـی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەبێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ب . کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان و رێگەپێدان

**أ-** فێرگەکانی مەشق و شیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزە چەکدارەکان .

**ب-** وەزارەتـی روشـنبیری و لاوان و لیـژنەی ئۆلـۆمپی هەرێمـی کوردسـتان تەنیـا بـۆ مەبەسـتی بەکارهێنانیان لە پێشبڕکێیە وەرزشییەکان .

ج- وەزارەتی پەروەردە بۆ بۆنە وەرزشییە پەروەردەییەکانی وەکو دێدەوانی و پێشبڕکێی وەرزشی قوتابخانەکان .

٣- نووسراوی فەرمی بڕگە (٢)ی ئەم ماددەیە پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێت:(بـڕی ژمـارەی چەکەکـان، مەبەستی بەکارهێنان,شوێنی بەکارهێنان,رەزامەندی لایەنی ئەمنی بۆ هاوردەکاران).

٤- هـاوردەکردنی ئەم جـۆرە چەکـانە بـۆ مەبەسـتی خـاڵی (٢)ی مـاددەی(١)ی ئەم بەیـانە بەهەمـان میکانیزمی خاڵی (٢)ی ئەم ماددەیە دەبێت .

٥- شوێنەکانی فرۆشتنی ئەم جۆرە چەکانە بەهیچ شێوەیەک چەکی دەنگی نافرۆشن بە هیچ کەس و لایەنێک تا رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی پێ نەبێت .

**ماددەی(٣):**

١- لەکاتی دەست بەسەردا گرتنی چەکی دەنگی رادەستی ئەو لایەنانە دەکرێن کە لە هەردوو ماددەی(١و٢)ی سەرەوە هاتوون بەپێی پەیوەندی تایبەتمەندی چەکەکان .

٢- هەر کەسێک هەڵبستێت بە دەستکاریکردنی کردنی چەکی دەنگی بەگۆڕینی بۆ چەکی ئاگرین بەپێی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

٣- لایەنەکانی ماددەی(٢) بڕگە (أ,ب,ج)ی ئەم بەیانە بەرپرسن لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی ئەم جۆرە چەکانەی کە رەزامەندییان پێ داوە کە لەلایەن هاووڵاتیان بەکار دەهێندرێت بۆ مەبەستی دیکە .

٤- هەر چەکێکی دەنگی لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە دەنێردرێت بۆ بەشی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی تایبەتمەند بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە وەکو چەکی ئاگرین بەکار دەهێندرێن یان گۆڕدراوە بۆ چەکی ئاگرین .

٥- دوای دڵنیابوونی بڕگەی (٥)ی ئەم ماددەیە ئەگەر دەرکەوت کە گۆڕدراوە بۆ چەکی ئاگرین یان سیفەتی چەکی ئاگرینی وەرگرتووە ئەوا بەپێی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٢ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

**ئەحکامە کۆتاییەکان**

**ماددەی(٤):**

پێویستە لەسەر گشت مەفرەزەکانی (پۆلیس , هاتووچۆ ,ئاسایش) و مەفرەزە هاوبەشەکان لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی ئەم جۆرە چەکانە بەدەست هاووڵاتیان و ئەو لایەنانەی کە مەبەستی دیاریکراو بەکاری ناهێنن بینێرێت بۆ دادگا بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی بەپێی ماددەی(٣) خاڵی (٥ و ٦)ئەم بەیانە .

**ماددەی(٥) :**

هەمان لیژنەی هاتوو لە ماددە(٩)ی رێنمایی جێبەجێ کردنی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ هەڵدەستن بە بەدواداچوون و پشکنینی جێبەجێکردنی ئەم بەیانە .

**ماددەی(٦):**

١- کار بە هیچ بڕیار وبەیان و فەرمانێک ناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم بەیانە .

٢- ئەو بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان )

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٣٩٠ لە ٢٠٢٣/٣/١٦**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەربەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە ، بڕیارماندا بە:

١- ڕاگرتنی ئیش و کارەکانی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران بۆ ماوەی دوو رۆژ لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٩) تاکو (٢٠٢٣/٣/٢٠) ، بەمەبەستی گواستنەوەی کەل و پەل.

٢- هەمـوو فەرمـانبەرانی بەرێـوەبەرایەتی نـاوهێنراوی سـەرەوە لە رێکەوتـی (٢٠٢٣/٣/١٩) تـاکو (٢٠٢٣/٣/٢٠)، لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن.

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٣٩١ لە ٢٠٢٣/٣/١٦**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەربەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە ، بڕیارماندا بە:

١- ڕاگرتنـی دەوامـی فەرمـی فەرمـانگەی دادنووسـی شـۆرش بـۆ مـاوەی دوو رۆژ لە رێکەوتـی (٢٠٢٣/٣/١٩) تاکو (٢٠٢٣/٣/٢٠) ، بە مەبەستی گواستنەوەی کەل و پەل.

٢- هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەی ناوهێنراوی سەرەوە لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٩) تـاکو (٢٠٢٣/٣/٢٠)، لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن.

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچـوونی جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ١٢٦ لە ٢٠٢٣/١/١٠**

**بەیـانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤٢) لە ٣ / ٦ /٢٠٢٢ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین.

٢- تێکەڵکردنەوەی(دمج ) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین.

١- ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـوونی جێبەجـێ دەکرێـت وە لەرۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیـانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤١) لە ٣ / ٦ /٢٠٢٢ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی زاخۆ.

٢-تێکەڵکردنەوەی(دمج) بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی زاخۆ بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی زاخۆ.

٣- ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـوونی جێبەجـێ دەکرێـت وە لەرۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیـانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە بەپێ ی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٤٠) لە ٣ / ٦ /٢٠٢٢ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران.

٢- تێکەڵکـردنەوەی(دمـج ) بەڕێـوەبەرایەتی کشـتوکاڵی سـۆران بـۆ نـاو بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کشتوکاڵی سۆران.

٣- ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـوونی جێبەجـێ دەکرێـت وە لەرۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تـاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی بانی بۆڵان ) لە قەزای دەربەندیخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٣٠.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (یەکەی تۆمارکردنی شێرپەنجە) لە سەنتەری ئازادی تایبەت بە چارەسەری شێرپەنجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٢/١٤.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بەشی (چارەسەری ئاڵودەبوون) لە بەرێوەبەرایەتی خزمەت گوزاری چارەسەری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٢/٢٧.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٤) بتاريخ ٢٠٢٢\١١\٢٩، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون تعديل تطبيق قانون إدارة الأوقاف العراقي**
**رقم (٦٤) لسنة ١٩٦٦ المعدل في إقليم كوردستان – العراق**

**المادة (١):**
يعدل تطبيق البند (٢) من المادة (٢) من قانون إدارة الأوقاف العراقي رقم (٦٤) لسنة ١٩٦٦ المعدل، ويقرأ على الوجه الآتي:-
٢- الأوقاف الملحقة عند انحلال توليتها أو سحب يد المتولي عنها بقرار من مجلس المحاسبة أو من محكمة الأحوال الشخصية ، ويستوفى نسبة (٣٥%) خمس وثلاثين من المائة من مجموع وارداتها لقاء الإدارة.
**المادة (٢):**
يعدل تطبيق البند (١) من المادة (٤) من قانون إدارة الأوقاف العراقي رقم (٦٤) لسنة ١٩٦٦ المعدل، ويقرأ على الوجه الآتي:-
١-
أ- يراقب الديوان الأوقاف الملحقة، ويحاسب متوليها، ويستوفى نسبة (٣٠%) ثلاثين من المائة من مجموع وارداتها مقابل ذلك، ويقيم الدعوى عند تحويل الموقوف إلى ملك مخالفة وتجاوزاً.
ب- يستوفي الديوان نسبة (٣٠%) ثلاثين من المائة من مجموع الواردات المشار اليها في البند (أ) بشرط صرفها على تعمير المساجد وحجرة المساجد والمدارس الإسلامية بعد تنفيذ شروط الواقف.
**المادة (٣):**
على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٤):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة (٥):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض تنظيم واردات ونفقات الأوقاف الملحقة واستخدامها في خدمة المساجد وحجرة المساجد والمدارس الإسلامية مع مراعاة شروط الواقف، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٣/٢/٥**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ١**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (١) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيد (شێركۆ جودت مصطفى) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

---

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٢**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيد (ابوبكر عمر عبدالله) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٣**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيد (اسماعيل علي طه) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

---

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٤**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيدة (سرچنار احمد محمود) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم القرار: ٥**

**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيدة (هلز احمد محمد) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فائق حسين**

**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

---

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم القرار: ٦**

**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيد (علي حمه صالح طه) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فائق حسين**

**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٧**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١**

**قرار رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبند (١ ، ٢) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٢٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١ الآتي:-

**اولاً**: قبول استقالة السيد (كاظم فاروق نامق) من عضوية برلمان كوردستان - العراق.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ أقراره في ٢٠٢٣/٣/١ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٨**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٣/٣/١٥**

**قرار رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (اولاً) من المادة (٤٣) والمادة (٤٦) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان - العراق، والبند (١) من الفقرة (اولاً) من المادة (الخامسة) من قانون المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات والأستفتاء رقم (٤) لسنة ٢٠١٤، قرر برلمان كوردستان - العراق في جلسته الأعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٢٣/٣/١٥ الآتي:-

**اولاً:** تشكيل لجنة برلمانية مؤقتة لترشيح اعضاء مجلس المفوضية من السادة المدرجة اسمائهم أدناه:-

١- بژار خالد عبدالله.
٢- عباس فتاح صالح.
٣- بەڵێن اسماعيل حاجى
٤- روبينه اويملك عزيز.
٥- سارا دلشاد بكر.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره في ٢٠٢٣/٣/١٥ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. رێواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**